چاككردنی كومەلگای كوردستان

# ئامرازی کەم کردنەوەی گەندەڵی ئیداری

ئاسۆ حامدی

نیزامی سەرمایەداری لە دوو سیفەتی خۆی ناکەوێ، ئەم دوو سیفەتەش رشوەی فەرمانبەران و پەیوەندی بورسە و دەولەتە..لە وەتەی لیبرالیزمی نوێ لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوو دەستی بە خسوسی کردنی کارگەو دامەزراوە خزمەتگوزاریەکان کرد هیندەی تر باری کۆمەلانی خەلک گران بوو ، تەوقی کۆیلەی کریگرتە لە ملماندا هەروا توندتر دەبێ..

کۆمەلانی خەلکی لە تەواوی دونیا دژی ئەم سیاسەتە لە ئیعتراز دان..

گەندەلی ئیداری لە هەموو ولاتێ کەم و زۆر هەیە، بەتایبەتی لە رۆژهەلاتی ناوەند ناوەندی سیاسی و ئەحزابی حاکم بەبێ پەردە داهاتی نەتەوەیی بەناوی نەتەوە پەرستی داغان دەکات.

هەردوو کورِەکانی ئارییل شارۆن تاوانبارن

بە ئیختلاس لە ئیسرائیلی دیموکراتی دا بۆ گەلی ئیسراییل، لە میسر یش هەر باس ناکرێ..

چ باسی کوردستان بکەم و ناوی کێ بهینم، رِابەرە بێ بارِکەکانی دوێنی ئیستا فرِان فرِانی داهاتی نەتەوەیی دەکەن.

لە ئەورووپا و ئەمریکاش هەروایە. بەلام لەم ولاتانە دام و دەزگاکانی پەرلەمان و ئوپۆزیسیۆن و کۆمەلانی خەلکی ئەم ولاتانە چونکە یاسا تارِرادەیەک سەروەرە کەم تا زۆر دەتوانن پەلکێشی دادگایان بکەن.

لە هەمان کات پرۆسەکانی ئیداری لە پێشن و دەتوانن گەشە بە کۆمەلگا بدەن.

باشترین هۆ و ئامراز بۆ ئەم مەبەستە بوونی مۆدیل و بنەماکانی ئیدارە دەسەلاتە لە ولاتدا.

بەنموونە لە سیستەمی ئیدارەی ولاتانی ئەورووپایی دا ،

European Foundation Qualty management EFQM

ئەمە وەکو ریکخراوەیەک لە سالی 1988 دامەزرا،تا بەریوەبەرایەتی لە ئەوروپا و بازارِی جیهانیدا یەک شکل و شیوەی هەبێ، ئەمە چۆنایەتی لە هەموو بەریوەبەرایەتی دەپارێزێ و هەموو سالێ چەند جارێک لە دەرەوە ناوەوەی ریکخراوەکاندا کۆنترۆل دەکریت.

هەموو دامودەزگایەک دەبێ دبلۆم یان پەرِاوی باوەرِ پیکراوی ئەم رێکخراوەی هەبێ..

پێوەری ئەمەش بە نموونە لە هۆلەندا

ISO   2000 9001:

تەنانەت کارگەکانی ولاتی تورکیاش ئەم پێوەرو باوەرنامانەیان هەیە، لە هەمان کات ئیختلاس لە تورکیا لە ئیسرایل و میسر کەمتر نیە.

گەشەدان بە چۆنایەتیەکانی کۆمەلگا،هاتنەمەیدانی ریکخراوە جەماوەریەکان لە بەریوەبردنی کۆمەلگا . گەشەدان بە دەروبەرو یاساکانی ژینگەو مەسەلەکۆمەلایەتیەکان دەروازەیەکی باش لەبەردەم دونیای تازە دەکەنەوە.

هاتنە مەیدانی ئەحزابی ئوپۆزیسۆن بۆ گەشەدان بە چۆنایەتیەکانی کۆمەلگا، سیاسی بوونی کۆمەلگا بە شێوەی زانستی و دوور کەوتنەوەی سوپا لە مەسەلە سیاسەکان.( یانی هیز لە سیاسەت دوور بکرێتەوە).

پاراستنی سامانی نەتەوەیی  و داهاتی نەتەوەیی، ئەمنی نەتەوەیی و سەقامگیر بوونی لە کۆمەلگادا، سەرفکردنی داهاتی نەتەوەیی لە کۆمەلانی خەلک و کۆمەلگا بە یەکسانی و بەبەرنامە.
ریگا لەبەردەم گەشە سەندنی کۆمەلگا دەکاتەوە.
سەرکوت و پەلکێش کردنی ئینسانەکان دەبێ کۆتایی پێ بێ.
زەمەنی سەرکوت و کوشتن و برین نەما و کۆمەلگا دەبێ خالێک لە دوای هەموو ئەمانە دابنێ.
حەرەکە کردن لە قاعدەوە،گوێگرتن لە کۆمەلانی خەلک نەک هەر لە کاتی هەلبژاردن دا وەعدەو بەلێنی درۆ بدەن.با یاسا لە هەموو مەسەلە کۆمەلایەتیەکان و فەرهەنگیەکان و گشت چۆنایەتیەکانی تردا رێچکەی خۆی بگرێ.
پرۆسە مۆدیرنەکان دەتوانن گەشەی زۆر بە پێشکەوتن بدەن و کۆمەلگا لە مشەخۆری و بێکاری دەمامکدراو دا بکەن بە کۆمەلگای بەرهەمهین.
گرنگترین خالٚ لیرەدا پەیدابوونی پێشمەرجەکانی رێگەگرتن لە گەندەلی ئیداریە. کۆمەلانی خەلکی کوردستان دەبێ خۆیان ئامادەکاری ئەم پێش مەرجانەبن. کەمی ئاستی هۆشیاری و پێداویستەکانی ژیان و گوزەران هەمووی لە بازنەی گەندەلی دا وەرداوە.
تەنها ئەوانەی کە هیچ مەسولەتیەکیان نیە. ئەوەی تر هەر دەستی بە شتی راگەیشت هەر گل دەداتەوە. خەلکی کوردستان دەبێ رێگر بن لەبەردەمیان دا. ریکخراوە کۆمەلایەتیەکانی پارتە سیاسیەکانی حاکم و ئۆپۆزیسیۆن دەتوانن هاوبەشی جدی بکەن بۆ رسواکردنی رشوە خۆران.کۆمەلانی خەلک دەتوانن لیستی ناوەکانیان بلاوبکەنەوە، ئەوکات دەسەلات شەرم لە خۆیی و کەسەکانی دەکات.
بەنموونە فلان بەرێوەبەر ئەوەندە هەزار دۆلارەی ،لە ماوەی سالٚێ کۆکردۆتەوە لە کاتێ کە مووچەکەی 200 دۆلارە..( خودی سایتە کوردیەکان دەتوانن لیستی ئەمانە بلاو بکەنەوە تا خەلکی کوردستان بیان ناسن، خۆ هەمووشیان ناسراون.....)
ئەم رقابە کۆمەلایەتیە لە نێو حزبی حاکم دا زۆر رەواجی دەبێ..سەرۆکی کوردستانیش مەسوولی یەکەمە لێیان..خۆشی سویندی یاسایی بە دلسۆزی بۆ گەل و نیشتمان لە پەرلەمان خواردووە خۆ سویندەکەی ناشکێنێ!!!..

بە کورتی
بەرێوەبردن و دەسەلات هیچ بەرنامەیەکی کورت ماوەو درێژ ماوەی نیە بە عەلەنی و لە ئاماری گشتی دا، پلانۆلۆغی لەم وولاتە وجودی نیە،نەخشەدانان و ئاوەدانکردنەوە تەنها لە بەردەرگای بەرپرسانی ئەحزابی حاکمدایە..
فەسادی ئیداری دواکەوتووی پرۆسەکانی بەرێوەبردن و بیرۆکراتیزم و نەبوونی هۆیەکانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو هەرچی زیاتر ئەم وولاتەی بەرەو هەلدیر بردووە. دەبێ نەوەی نوێ بیر لە خالٚی وەرچەرخانی کۆمەلگا بکاتەوە. ئەمەش ئەرکیکی وا ئاسان نیە.